

دانـــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی یانزەیەم

هاوڕێ سبەی شەو یەکە یەکەی ئەستێرەکانت بۆ دائەگرم لە جێ ی هەر ئەستێرەیەك فرمێسکێکی مرواری ئەمشەوم دائەنێم ...سبەی شەو داوای مانگ بکە با بۆت بێنمە سەر زەوی ئاخر ئەمشەو هەست ئەکەم لەگەڵ خاکا تێکەڵ ئەبم ...

سەیرکە ئەمشەو گیتارەکەم وەك خۆم بێ دەنگ هاوار ئەکات بەس نۆتەکانی بتهۆڤنت بۆ لێ ئەیەم سبەی شەو چەن سەیرە هاوڕێ چاوەڕوانی شەوێك کە لەوانەیە هەرگیز نەبێت بە دوایین شەو ..بە دوایین سەفەری عیشق لە مەنفاوە بۆ پایتەختی ڕۆمانسیەت ..

شەوێك کە لەوانەیە تەنها خەیاڵ بێت ..

ئەها هەناسە خەیاڵە ..عەشق خەیاڵە مەرگ و فرمێسکیش بادەیەکی چەندە تاڵە ..!

تۆ لەودیو سنوری منەوە وشەکانت تێکەڵ بە ژانی ڕۆحم ئەکەی ..هەست ئەشکێنیت ..دڵ ئەشکێنیت بێ باکانە هەنگاو ئەنێیت بە ناو ئازادی عەشق و ژیانا ..

سەردەمێکە خەندە لە دڵی منا تۆراوە شەختەیە بەستوویەتی ترپەکانم ..کە تۆ هاتی من پێم وتی ناسکی یەکی بێ وێنە لە منا خۆی حەشار داوە ئاگادار بە نەیروشێنی ئاگادار بە ...

سبەی شەو دڵ ئەتوێتەوە !..ئەگەر گەیشتم بە سبەی شەو ئەم بەیانی یە بە خۆر بڵێ ئازیزەکەی من کەی فریشتەی خەو سەردانی کرد ؟ ..!

هاوڕێ تۆ مەبە بە من نامۆیی من لە ڕادە بەدەرە ..کەس ناتوانێت وەکو من بێت ..ئەوە منم !..

شەو بێدارانی هاوڕێ ی ئەناسێت کەچی ئەمشەو تەنها منی لە ئامێز گرتووە ئێ خۆ ئەمشەو نی یە ..سبەی شەوە ..

جێ ژووان!..

تۆ بڵێ ی ئەویش وەکو من مەست بێت لە خەما تاکو ڕادەی ژەهراوی بوونی هەناسەکان منیش وەك تۆ ئەی شەو ئەو ڕەنگە ئەپۆشم کە تاریکی دایپۆشیوە تا مرۆڤە برۆنزی یەکە بە ئاگا بێت لە ترپەکان ..

پەیامەکەت گەیشت هاوڕێ دڵنیابە سبەینێ خۆر هەڵدێت ..

دوایین ژان و دوایین تکا لە تیشکە کانی ئەو دەرئەچێت ، دوایین فرمێسک لەگەڵ دوا هەناسەی منا کۆتایی دێت ئەوسا ڕۆژێکی نوێ و جیهانێکی تر دەستت ئەگرێت ..بەڵام تا ئێستا نازانم سبەی شەو دێت ...!!!

دانـــەر